سەرۆک وەزیران لیژنەیەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئاو لەگەڵ تورکیا پێکدەهێنێت

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکوەزیران سەرپەرشتی دووەم کۆبوونەوەی هێنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی کرد کە مانگی ڕابردوو لە کاتی سەردانەکەی ئەردەغان بۆ بەغدا واژێیان کردووە.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیران بڵاویکردووتەوە، کۆبوونەوەکەی سودانی لەگەڵ لایەنە پێیوەندیدارەکان بۆ مەبەستی پێداچوونەوە بوو بە هێنگاو و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و یاداشتنامەکانی لێک تێگەیشتن لە نێوان هەردوولا.

سەرۆکوەزیران جەختی لە گرنگی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان کردووەتەوە لە نێویاندا ئاماژەی بە پرسی ئاو کردووە و ڕایگەیاندووە، ڕاستەوخۆ چاودێری پرسەکانی جێبەجێکردنی یەک بەیەکی ڕێککەوتنەکان دەکات.

هەروەها داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەندی کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لە بواری ئاو کراوە لەگەڵ ئەو پرۆژانەی پێیوەندیان بە ئاوەوە هەیە، هاوکات هەموو وەزارەتەکانی ڕاسپاردووە بۆ دەستبەکاربوون بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننەکان لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیاری ڕاستەخۆی خۆی